# سەبارەت بە دەستگیر کردنی کریکاران لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئیرانەوە.

دەسەڵاتدارانی ئیران ئەم دوایی‌یانە تەنها لەبەر ئەوەی ڕابەرانی کرێکاران هەستاون بە خۆریکخراوکردن لە یەکیتی‌یەکی کرێکاری جاریکی تر ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانیان دەستگیر کردووە.

جمهوری ئیسلامی ئیران کە ئیدیعای هەبوونی چەکی ئەتۆمی‌و هەوڵی هەژموونی پەیدا کردن لە ناوچەکەداو بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکاو سڕینەوی ئیسرائیل لەسەر خەریتە دەکات، ئەوەتا لە بەرامبەر کریکاران‌و هەوڵیان بۆ پێکهێنانی ریکخراوێك لە دەرەوەی شێوازە ڕەسمی‌یەکان‌و ریکخراوە دەستکردەکانی ڕژێم خۆی، خەریکە دەلەرزێ‌و لە ترسی هێزی کرێکاران دەکەوێتە پەلاماردانیان.

ئەم ڕژێمە لە یەکگرتوو بوون‌و ریکخراوبوونی کرێکارانی ئۆتۆبوسرانی تاران تۆقیوەو لە بەرامبەر بانگەوازی کریکاران بۆ مانگرتن‌و دەست بۆ توندکردنەوەی زیاتری سەرکوت‌و داپلۆسین دەبات‌و چەندین ڕابەرو هەڵسوڕاوی کرێکاری ڕەوانە ژوورە تاریکەکانی زیندانە بەدناوەکانی کردووە. بەم جۆرەش بە ترس‌و تۆقینی لە یەکگرتوو بوونی کرێکاران ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەگەر کریکاران لە ریکخراوە رادیکالەکانی خۆیدا یەکگرتوو بیت دەتوانێت هیزێکی کاریگەر بێت بۆ ئاڵوگۆڕ پیدانی کۆمەڵگاو هەموو هاوسەنگی‌یەکانی هێز هەڵدەگیریتەوە و ئیرادەی خۆی فەرز دەکات.

کرێکارانی عیراق یەکڕیز لە پەنا کرێکارانی ئیران، لەگەڵ جووڵانەوە ناڕەزایەتی‌یەکانیان لە دژی سیاسەتەکانی جمهوری ئیسلامی ڕادەوەستن.

یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاری‌یەکان لە عیراق لە دەسەڵاتدارانی ئێران داوا دەکات کە دەستبەجێ کرێکاران ئازاد بکات، بانگەوازی کرێکارانی ئیران دەکات کە لە پیناوی فەرزکردنی پاشەکشە بە سەر دەسەڵاتداران و وەدی‌هێنانی خواستەکانیان ناڕەزایەتی‌یەکانیان فراوان بکەنەوە. هەروا ئێمە بانگەوازی هەموو کریکارانی جیهان‌و هەموو جووڵانەوە ئازادیخوازەکان‌و هەموو مودافیعینی مافەکانی مرۆڤ دەکەین کە پشتیوانی لە کریکارانی ئیران بکەن‌و فشار بۆ دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی بهێنن لە پێناوی دەستبەجێ ئازادکردنی کرێکارانی دەستگیرکراو.

بژی جووڵانەوەی داواکاریی کرێکارانی ئیران

بژی یەکێتی کریکاران

بژی ئازادی

یەکێتی شوراو سەندیکا کریکاری‌یەکان لە عیراق

2005–12–29